پیام کردستان

PAYAM-E-KURDESTAN/VOL.2 NO.29/SAT.3 Jun 2006

سال دوم ـ شماره بیست و نهم ـ ۱۶ صفحه ـ قیمت ۱۵۰ تومان

شنبه ۱۳ خرداد ۱۳۸۵ ـ ۶ جمادی‌الاول ۱۴۲۷ ـ ۳ ژوئن ۲۰۰۶

◆ شمار ایدزی‌های کرمانشاه به ۲۲۰۰ نفر رسید
◆ چند جواب از اتحادیه دموکراتیک دانشجویان کرد
◆ علل، اشکال و پیامدهای تبعیض
◆ خبرنگاران فیگارو و لس‌آنجلس تایمز در سردشت
◆ خاتمیت ابهام در دین و نقصان در عقل نیست

◆ ڕێکخراوەکان و مافی خەڵك
◆ ڕووخاندن وەك دیاردەیەکی دیالێکتیکی
◆ ئاخۆ ئەو ڕۆژە کەی بێ؟!
◆ دیمۆکراسی و ئایین
◆ سەفەر هۆی پتەو بوونی فیکری نەتەوایەتییە

پیام اول

لزوم تحلیل ساختاری بحران

عبدالعزیز مولودی

عکس‌العمل‌های اعتراضی نسبت به چاپ کاریکاتوری در روزنامه ایران طی هفته گذشته در استان‌های آذربایجان‌غربی و شرقی و خشونت‌های شهری حاصل از آن، بیانگر وجود حساسیتهای قابل تحریکی است که مانند حوادث مشابه آن در دیگر نقاط کشور، نیازمند بررسی علمی و تصمیم‌گیری منطقی مسئولان برای تغییر در نگرش دولت و جامعه نسبت به این حساسیت‌ها است. با توجه به اینکه قبلاً نیز مشابه این حوادث در شهرهای کردنشین استان به وقوع پیوسته است توضیح چند نکته خالی از فایده نیست:

۱ـ صرفنظر از کاریکاتور چاپ‌شده، کاریکاتور هنری است با روش خاص خود که معمولاً درصدد طرح دیدگاه‌های انتقادی در زمینه‌های مختلف اجتماعی، فرهنگی و سیاسی برمی‌آید. در جوامع دموکراتیک و دارای حساسیت پایین نسبت به گوناگونی‌های فرهنگی و اجتماعی، مجال برای طرح دیدگاه‌های انتقادی فراهم و معمولاً کمتر چاپ کاریکاتور توهین به شمار می‌رود مگر آنکه در مضمون و محتوا دربردارنده مفهوم توهین به گروه یا... باشد؛ صد البته در این صورت نیز بحران سیاسی و اجتماعی نمی‌آفریند. در کشور ما با حساسیت بالا نسبت به امور اجتماعی و سیاسی و سابقه کم تسامح و تساهل، معمولاً هنرمندان این عرصه مطبوعات در معرض تهدید بالفعل بوده‌اند، به نظر می‌رسد تغییر در این رویکرد جامعه و دولت، لازمه توسعه سیاسی و اجتماعی ایران است.

۲ـ خشونت‌های یادشده و موارد مشابه دیگر آن، از نظر جامعه‌شناسی سیاسی، نشان‌دهنده نوعی از بحران سیاسی و اجتماعی در جامعه‌ای با تنوع فرهنگی و با ویژگی توسعه‌نیافته یا در حال توسعه سیاسی است. به عبارت دیگر به زبان "دورکیمی"(جامعه‌شناس فرانسوی) هنوز همبستگی اجتماعی در جامعه ایرانی مبتنی بر همبستگی مکانیکی در جامعه سنتی است که در آن هر یک از گوناگونی‌های اجتماعی و فرهنگی، حتی سیاسی نیز صرفاً به ارزش‌ها و علایق خود آن هم در حوزه‌ای عاطفی پایبند است. جامعه ما تا تجربه همبستگی ارگانیک، به معنایی که افراد با تعلقات فرهنگی و اجتماعی متفاوت در سطح بالاتری از روابط سیاسی و اجتماعی عقلانی به هم پیوسته باشند؛ راه درازی در پیش دارد. این امر موجب پاره پاره شدن جامعه و عدم شکل‌گیری زبانی مشترک در ورای خواسته‌ها و تنوع فرهنگی موجود گردیده است. به همین دلیل است که تحریک‌پذیری در ایران بالاست و معمولاً سریع به بحران و خشونت می‌انجامد.

۳ـ جامعه‌شناسان ایرانی در بررسی این پدیده، به جای تحلیل آن مشکل ساختاری جامعه و دولت در کشور، در نگرشی کلی، خواسته‌های اقوام و گوناگونی‌های فرهنگی که از جمله حقوق مسلم اقلیت‌های قومی، زبانی و دینی است را تحت عنوان "خاص‌گرایی" محلی مورد بحث قرار داده و معمولاً هم بن‌مایه تحلیل‌ها منفی بوده و وجود آن را تهدیدی برای کلیت جامعه ایرانی تلقی می‌نمایند. در حالی که مابه‌ازایی برای "عام‌گرایی" در مقابل خاص‌گرایی مورد نظر آنها وجود ندارد. هویت ملی به عنوان "عام‌گرایی" مورد نظر، بسیار سیال و تحت‌تأثیر گرایش‌های سیاسی بوده است تا اینکه یک رویکرد منطقی جامعه‌شناختی جامعه ایرانی باشد.

۴ـ مسئولان دولتی به عنوان متولیان اداره جامعه و تأمین نظم اجتماعی، در اینگونه حوادث هم نقش دارند، هم مسئولیت. چنانکه در ابتدای یادداشت ذکر شد؛ مشکل جامعه ایرانی، در سطح دولتی نیز وجود دارد. در اینگونه موارد به جای مدیریت منطقی حادثه با منظر ساختارهای مدنی، ابتدا یک برخورد انفعالی با تأیید ضمنی مشاهده می‌شود بعد که حرکت به خشونت کشیده شد یا خواسته‌های دیگری از ورای آن ظهور کرد (که ناشی از فشردگی پیشینی است) برخورد تند و در مواردی مبتنی بر خشونت متقابل جای آن را می‌گیرد. این چرخه معیوب به نظر می‌رسد هنوز ادامه دارد.

۵ـ وجود تعارض و تضاد، نشانه وجود خواسته‌های متفاوت و ناموافق است و چنانکه آمد، در مورد تنوع فرهنگی ـ اجتماعی ایران یک واقعیت موجود است. توجه به این خواسته‌ها از یک سو، سعی در اصلاح ساختارهای سیاسی ایران در چارچوبی دموکراتیک و بالا رفتن آستانه تحمل عمومی مردم در نتیجه آن، تنها راهی است که می‌تواند جامعه ایرانی را به سمت و سوی جامعه‌ای بانشاط، باتحمل و نرم از نظر زیست مشترک اجتماعی هدایت نماید. تحلیل تأثیر عامل خارجی در همه حرکات اجتماعی کشور نه تنها گرهی از مشکلات موجود باز نمی‌کند بلکه از نظر روانشناسی اجتماعی و سیاسی نیز چندان خاطره مطلوبی در ذهنیت، رفتار و تصور مردم ایران بر جای نمی‌گذارد گویی همیشه در هر حرکتی (چه آن را بپذیریم یا نپذیریم) مردم اراده‌ای از خود ندارند و عامل منفعلی هستند که نه می‌اندیشند نه هدفی برای رفتارشان دارند. این تلقی جامعه ایرانی را خلل‌پذیرتر از آنچه هست، نشان می‌دهد و اعتماد به نفس عمومی را خدشه‌دار می‌کند.

دوکتۆر عەبدوڵڵا پەشێو:

خوێنەرم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو شوێنێك زیاترە

وێنە: دیاری دوکتۆر عەبدوڵڵا پەشێو

ئاماژە: ماوەیەک لەمەوبەر چەند پرسیارێکمان بۆ مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو نارد. مامۆستا پێشوازی لێکردین و لە وڵامدا گوتیان: "زۆر کەم هەڵکەوتووە تا ئێستا پرسیاری ئاوا وردم لێکرابێ." قەولیان دا وڵامی پرسیارەکانمان بۆ بنێرنەوە. بەڵام بە داخەوە باری تەندروستی مامۆستا لە کزی دا و کە دواتر گەڕانەوە بۆ کوردستان دەرفەتێک بۆ وڵامی پرسیارەکانمان نەڕەخسا.

بە هەڵکەوت کە گۆڤاری "لڤین"مان وە دەست کەوت، تێیدا مامۆستا بە تێروتەسەلی وڵامی پرسیارەکانی "لڤین"ی دابۆوە کە وڵامی هەندێ لە پرسیارەکانی ئێمەشی لەخۆ گرتبوو. تەمامان گرت ئەم وتووێژەی بە ڕێزیان چاپ بکەین، هەر بۆ ئەوەی ئیزنیان لێبخوازین ئیمەیلێکمان بۆ ناردن. پوختەی وڵامی مامۆستا ئەوە بوو کە بەو کارە قایلە، بەو مەرجەی ماوە بدرێ، بە وردی بە چاوپێکەوتنەکەدا بێتەوە، پێش بڵاو بوونەوەی، لەڕووی زمان و ڕێنووس و دارشتنەوە، لێی دڵنیا بێ و زێتریش تیشک بخاتە سەر ئەو مەسەلانەی لەبەر سەرقاڵی و کەمدەرفەتی ناو وڵات لە دیدارەکەی "لڤین"دا وەک پێویست شەنوکەو نەکرابوون.

وتووێژەکەمان ئامادە کرد و ناردمان بۆ مامۆستا. سەرت سوڕ دەمێنێ کە لە ماوەی یەک شەودا چەندە بە وردی ئەم بابەتەی بۆمان ناردبوو پێیدا چووبۆوە و بە فۆنتێکی جیاواز هەڵەکانی ڕاست کردبۆوە و تێبینی تایبەتی خۆی لە سەر ڕێنووسەکەمان دەربڕیبوو.

ئێمە ڕەنگە ڕێنووسەکەمان بە گشتی لە حەوتەنامەی پەیامی کوردستاندا لەگەڵ ڕێنووسی ئەم وتارە نەختێک جیاوازی هەبێ، بەڵام لەبەر دڵی مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو هەر چۆنێکی بۆخۆی وتووێژەکەی ویراستاری کردبوو هەر بەم شێوەیە دامانناوە و دیارە پێمان وایە عەبدوڵڵا پەشێو مافی ئەو "وێتۆ" کردنەی لە باری ڕێنووس و ڕێزمانی کورداییەوە هەبێ، لانیکەم بۆ بابەتەکەی خۆی، چون پەشێو، پەشێوە.

★★★

جیاواز لە پرسیارە تەقلیدییەکان کە لە ڕابردووەوە دێنەوە بۆ ئەمڕۆ، ئێمە دەمانەوێ لەمڕۆوە بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە، بۆیە یەکەم پرسیارمان سەبارەت بە دوا ژمارەی گۆڤاری "ڕۆڤار"ە، کە دەزگای سەردەم دەریکردووە و تایبەتە بە بەڕێزتان، هەڵبەت لە پشت ئەم پرسیارەوە دوالیزمەی شێرکۆ و پەشێو، هەولێر و سلێمانی بوونی هەیە، ڕا و سەرنجت لە سەر ئەم ژمارەیەی "ڕۆڤار" چییە؟

سەرەتایەکی باشە، دانوستان لەگەڵ شاعیرێک بکرێت وەکوو شاعیرێک، بە چاوپۆشین لەوەی چۆن بیر دەکاتەوە و هەڵوێستی چییە سەبارەت بە دەسەڵات. بەڵام دەکرا ڕۆڤار زۆر دەوڵەمەندتر بێت. ئەگەر پێشتر ئەمەم زانیبا و لە کاتی دەرچوونی ئاگادار بام، دەمتوانی چەندین وتاری بە پێز، کە لە سەر من نووسراون، بۆ ڕۆڤاری بنێرم. ئەمە ڕۆڤاری زۆر دەوڵەمەندتر دەکرد. ئەو لاپەڕانەی ڕۆڤار، کە بە فەرهەنگۆک و شتی تر ڕەش کرابوونەوە، دەکرا بە شتی دیکە پڕ بکرێنەوە. تەنیا ئەم سەرنجەم هەیە، ئەگینا هەنگاوێکی باش و ڕچەشکێنە، مایەی خۆشحاڵییە. شێرکۆ شاعیرە، دەبوایە هەر ئەوە بکا کە کردی.

ئەگەر پێشەکیی "ڕۆڤار"ت خوێندبێتەوە کاتێک لە خاوەنئیمتیازی ڕۆڤار، واتە شێرکۆ بێکەس، دەپرسن: "کێ لە شاعیرە زیندووەکان هەڵدەبژێریت بۆ ئەم ژمارەیە؟" لە وەڵامدا دەڵێت: "پەشێو." تۆ ئەمە بە قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندی نێوان پەشێو و شێرکۆدا نابینی؟

ئەم شتە بە لای منەوە سەیر نییە. لەگەڵ کاک شێرکۆ هاوڕێ بووین، تەنانەت لە سەردەمێکدا، لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا، وەکوو بیر کردنەوەیش هاوبیر بووین.

۱۲ ←

صدا و سیمای کرمانشاه در بوته نقد

۳ ←

طاق بستان

Kermanshah Emrooz
Mehrdad Pourjahan

در پی درخواست گروهی از تشکل‌های مردمی و غیردولتی کرماشان برای دیدار با آقای مازندرانی مدیرکل سازمان صدا و سیمای مرکز کرماشان جهت بیان پاره‌ای انتقادات در مورد عملکرد صدا و سیمای استانی و ارائه درخواست‌ها و پیشنهاداتی مبنی بر توجه بیشتر به زبان و فرهنگ محلی از سوی رسانه مزبور، پس از گذشت حدود یک ماه از ارائه این درخواست به نهاد مربوطه و مراجعه و پیگیری متداوم نمایندگان تشکل‌ها، مورخ ۲۸ اردیبهشت ۱۳۸۵ امکان این دیدار، البته نه با مدیرکل که با قائم‌مقام ایشان فراهم گردید.

منیر خانم قازی:
قازی محەممەد مرۆڤدۆست بوو ۱۴

کوردەکان هیچ دۆستێکیان نییە ۱۶

لایەنێك لە دنیای تایبەتی پەشێو ۱۲

جەلال تاڵەبانی:
عێراق ئەزموونی دیمۆکراسی نییە ۱۰

بازخوانی چپ و مسأله ملی
گفتگو با دکتر احمد شایگان ۸

محمد اوزون در بیمارستان بستری شد ۹

لیلا صادقی:
من در دوره شکست‌ها زندگی می‌کنم ۸

جنبش دانشجویی کردی، به مثابه الگوی خاص ۴

کامکارها در آلمان کنسرت برگزار می‌کنند ۸

لایەنێك لە "دنیای تایبەت"ی پەشێو

ناسر باباخانی

ڕەنگە ئەم ڕستەیە لە ڕاستی دوور نەبێ، کە بڵێین هەر شاعیرێکی خاوەن‌شێواز، شێوە ڕوانینێکی تایبەت بە خۆی هەیە لە هەمبەر دنیا و ڕووداوەکانی و ئەم شێوە ڕوانینەش دواتر دەبێتە هۆی پێکهاتنی دنیای شاعیر. بەڵام دەکرێ لە خاڵێکی هاوبەشیشدا سەرجەم شاعیران کۆ بکەینەوە کە ئەمیش بریتییە لە شێوەکردارێکی پێغەمبەرئاسایانە بۆ بانگهێشتنی خوێنەران و بەردەنگەکانیان بۆ ئەم دنیایەی کە خۆیان مەبەستیانە پێکی‌بێنن. هەر بۆیەشە دەڵێن شاعیر "دنیای تایبەت" بە خۆی هەیە. ویلیام باتلێر ییتس دەڵێ: "هەر شاعیرێک حەوشەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە دەروجیرانەکانی دەتوانن لەم حەوشەیەدا کۆ ببنەوە و بۆن بە گوڵەکانی باخچەی ئەم حەوشەیەوە بکەن." بێ‌گومان مەبەستی ییتس لە حەوشە و دەروجیران و گوڵ بریتییە لە دنیا و بەردەنگ و شێعر. بە واتایەکی تر شاعیر بە هۆی شێعرەکەیەوە لەگەڵ بەردەنگەکەی پەیوەندییەک ساز دەدا و دەیهەوێ شوێنێکی تایبەتی لە سەر دابنێ و ئەم چاوەڕوانییەشی هەیە کە بەردەنگەکەی لەگەڵیا هاودەنگ و هاوڕا بێ و ڕاکێشی بکا بەرەو دنیای تایبەتی خۆی.

ئەم دنیا تایبەتییەی شاعیر سازی دەکا، دواتر بە هۆی بەشداری بەردەنگەکانییەوە بوونی ڕاستەقینەی خۆی دەسەلمێنێ و پەیوەندییەکی دوولایەنە لە نێوان شاعیر و بەردەنگەکەیا ساز دەبێ. بە واتایەکی ساکارتر کاتێک شاعیرێک، شێعرێک دەخوڵقێنێ (قۆناخی یەکەم)، لە حەولی سازدانی دنیایەکی تایبەتدایە. بەڵام بۆ سازدانی ئەم دنیا تایبەتییە و بۆ کامڵ بوونی پرۆسەکە دەبێ خوێنەر و بەردەنگ دەوری تایبەتی خۆیان بگێڕن. دیارە مادام لە قۆناخی دووهەمی ئەم پرۆسەیەدا بەردەنگ بەشدار نەبێ، حەوشەیەکی(دنیایەکی) ـ ییتس واتەنی ـ بۆش و تەجریدی دەبێ کە ناکرێ تەنانەت بوونیشی بسەلمێنین.



پێم خۆشە ئاماژە بەم خاڵە بکەم کە مەبەستم ئەوە نییە کە بڵێم بۆ سازدانی ئەم دنیا تایبەتییە، تەنیا ڕادەی بەردەنگەکان ڕەچاو بکرێ، بۆ وێنە بڵێین شاعیرێک کە بەردەنگەکەی پترە، دنیایەکی دینامیکتر و زیندووتری هەیە و شاعیرێک کە خوێنەری کەمترە دنیایەکی بچووکتر و بەرتەسکتری هەیە، نا، ڕەنگە هەندێ جاریش ڕێک بە پێچەوانەوە بێ.

ئێستا ئەم پرسە دێتە گۆڕێ کە ئەم دنیا تایبەتییە، چ تایبەتمەندی‌گەلێکی هەیە؟ دەکرێ بۆ وڵامی ئەم پرسیارە لەبری تایبەتمەندی، "شێوەی ڕوانین"ی شاعیر بۆ دنیای ڕاستەقینەی ژیانی خۆی بێنینە گۆڕ، لام وایە ئەگەر بتوانین شێوەی ڕوانینی شاعیر پێناسە بکەین، بێ‌گومان دەکرێ تایبەتمەندییەکانی ئەم دنیایەی مەبەستێتی، هەڵیهێنجین. هەروەک لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەم پێکرد هەر شاعیرێک شێوە ڕوانینێکی تایبەت بە خۆی هەیە سەبارەت بە جیهان، بۆ ئەوەی ئەم وتارە بتوانێ مەبەستی سەرەکی خۆی بپێکێ حەز دەکەم ئەم شێوە ڕوانینە بە چەشنی خوارەوە پۆلێن‌بەندی بکەم:

١ـ ڕوانینێکی تێکدەر و ڕووخێنەر بە مەبەستی سڕینەوە و وێران کردنی بارودۆخی هەنووکەیی.

٢ـ ڕوانینێکی ڕێفۆرمخوازانە بە مەبەستی سازدانی ئاڵوگۆڕ لە بارودۆخی هەنووکەیی‌دا.

٣ـ شێوە ڕوانینێکی هەستی‌ناسانە بەبێ ئەوەی کە لە "دەبێ و نابێ" بکۆڵێتەوە، واتە ڕوانینێکی خەسیو.

بە سەرهەرتک شێوە ڕوانینی یەکەم و دووەمدا، ڕوانینێکی ئیدئۆلۆژیکاڵ زاڵە و لە شێوەی سێهەمدا زیاتر پەلکێشی بۆ لای ڕوانینێکی ئێتنۆلۆژیکاڵ دەکرێ.

دوکتۆر عەبدوڵلا پەشێو:

خوێنەرم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو شوێنێك زیاترە

(١)

بەدەر لەم مەسەلە سیاسییەی باست کرد، هەندێک لە ڕۆشنبیران، لە ڕووی زمانەوە شێرکۆ دەگەیەنە ئەم ئاستەی، بڵێین سولتانی زمانی کوردییە. لە کاتێکدا زمانی شێرکۆ ئەوەندەی مۆرکی ناوچەی سلێمانی پێوە دیارە، هێندە مۆرکی کوردستانی پێوە دیار نییە؟ ئەگەر لە سەر زمانی شێرکۆ قسەیەک هەبێت؟

من ناتوانم باسی ئەمە بکەم، چونکە من نازانم زمانزانم یان نا، بەڵام زماننناسم. واتە "فیلۆلۆگ"م. من ناتوانم بە سەر یەک دێڕدا تێپەڕم بەبێ سەرنج. بڕوا ناکەم هیچ نووسەرێک، مەگەر هێمن، مەلا شوکور، حەسەن‌زادە، هەژار و چەند کەسێکی تر لە بن دەستم ڕزگاریان بێت. من لێرە باسی کاک شێرکۆ ناکەم، بە گشتی باسی تێکست دەکەم و دەمەوێ بڵێم ئیش کردن لە سەر تێکست کاری شاعیرە. شاعیر تەنیا پشت بە بەهرە نابەستێت، وەک جاران بنووسێت و نووسینەکە دەمودەست بڵاو بکاتەوە. نەخێر، ئێستا نووسین کارکردنێکی دژوارە لە سەر دەق. من، بەش بە حاڵی خۆم، شتێک لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا هەڵدەڕێژم، بەڵام لە ماوەی چەند ساعەتێکدا، چەند ڕۆژێکدا، یا چەند ساڵێکدا دایدەڕێژم. ئیش دەکەم لە سەر تێکست، لە سەر وشە، لە سەر حەرف، لە سەر وێرگوڵ (فاریزە) و نوختەش.

پێت وایە تۆ ئەو ئیشەت کردووە؟

ڕنازانم، بەڵام من زۆر ئیش دەکەم لە سەر تێکست. شیعر هەیە دوای چەند ساڵێک دێمەوە سەری، هەر لە بەر وێرگوڵ و نوختە و شتی وا. لە هەموو دنیا بۆ ڕەوانی و ناڕەوانیی زمان نموونە بە شیعر دەهێننەوە. دەبێ شیعر نموونەی زمانی پەتی بێ. مەبەستم لە پەتی ئەوە نییە وشەی عەرەبی یا بێگانە بە کار نەهێنیت، بەڵکوو دەبێ دارشتنەکە کوردی بێت. ئەمن جارێکی دیکە پێت دەڵێم، ئەگەر لە تێکستدا ببینم لە پاش فاریزە واوی عەتف دانراوە، من گومان لە زانیاریە فیلۆلۆژییەکانی نووسەر دەکەم. هەڵبەت ئەم وەڵامانەی من لە سەر نووسینە بە گشتی و لە سەر کەسێکی دیاریکراو نییە.

ئەگەر هەڵەمان نەکردبێت، لە ساڵی ١٩٧٣ بە دواوە چوویتە هەندەران. ٣٣ ساڵ تەمەنێکی کەم نییە. پرسیارمان لێرەدا لە سەر غوربەتی تاراوگەیە. ئێستا ئەو غوربەتەی لە شیعری کوردیدا هەیە، ڕەخنەگری کورد وای پێناسە دەکات کە بەردەوام غوربەتێکی ئایینی و عاتیفی بووە، غوربەتێک بووە کە بەرهەمهێنی مەعریفە نەبووە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا. ئەمە لە عەبدوڵلا پەشێودا چۆن خۆی دەنوێنێ؟

ئاواتم ئەوەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕەخنەی کوردی خۆی ڕابپسکێنێ لە کۆتوبەندی حیزبحیزبانێ و بکەوێتە سەر شیکردنەوە، لێکدانەوە، تێکست خوێندنەوە. پێم وایە، لە شیعرەکانی مندا شتی وا هەن کە شایانی تێڕامان و وردبوونەوە و لەسەروەستان بن. من زۆر بە دەگمەن وشە بەو مانایە بە کار دێنم، کە لە فەرهەنگەکانی زماندا هاتووە. وشە لای من فرەڕەهەندە. ئەوانەی خەریکی ڕەخنەی جیددین، هەر چەند بە پەنجەی یەک دەست دەژمێردرێن، بەڵام هەن.

سەبارەت بە ئاڵۆزنووسین لە شیعردا قسە بکەین، زمان لای ئەنوەر مەسیفی هێندە ئاڵۆز دەبێ، کە وەکوو خۆی دەڵێت: "دەمەوێت خەڵکی وێڵ بکەم بە دوای دەقدا." لە ڕەخنەی کوردیشدا ئەم دەقە بە دەقێکی گرینگ دەزانرێت کە دەقێکی ئاڵۆزە و خوێنەرەکەی ماندوو دەکات. پرسیاری ئێمە ئەوەیە، تۆ زۆرترین خوێنەرت هەیە و زۆرترین خەڵکیش لە دەقی تۆ دەگات، چۆن توانیوتە ئەم حاڵەتە میتافۆری و فرەمەدلوولەی وشەکانت لەگەڵ تێگەیشتنی خوێنەراندا پێکەوە ببەستێتەوە؟

من هەمیشە دەیڵێم، ئەگەر بیرێک لای نووسەر یان بیرمەند ڕوون بێت، ئەوا بە ڕوونیش دەریدەبڕێت و کەسی بەرمبەرایش بە ڕوونی تێی‌دەگات. گرینگ ئەوەیە، خۆت لە هزر و بیری خۆت گەیشتبیت. ئەگەر کەرستەی لەبارت پێ بێت بۆ دەربڕین، پێم وایە، بەرامبەر تێی‌دەگات. زۆر جار کە قسەم لەگەڵ دەکرێت، دەیانەوێ منیش وەک ئەوانی تر بنووسم. شیعر چەند ڕەنگاوڕەنگ بێ ئەوەندە جوانترە. من لە شیعرێکدا گوتوومە:

ئەو عەبایەی
دوێنێ لەبەر خۆشەویستی خۆم کردووە
. نایکەمە بەر شیعرەکانم.

من بە ڕوونی دەنووسم، چونکە پشت بە فیکرەی شیعری دەبەستم. بە شێوەیەکی سەرەکی شیعر جوانی خۆی لە دوو سەرچاوە وەردەگرێ: لە سیحری زمان، یان لە بیرۆکەی شیعر. من هەوڵ دەدەم لە هەردوو سەرچاوەی جوانی بخۆمەوە، کە بیرۆکەیەکی تازە دەستی بە شنەشن و تروکەتروک کرد، ئینجا بە دوای کەرستەی لەباردا دەگەڕێم، کە کەرستەم پەیدا کرد، ئەو کاتە هەوڵ دەدەم بە ڕوونی بیرۆکەکەم بە و کەرستەیە دەربڕم. لە کاتی نووسینی شیعردا قەت بیر لە بەرامبەر و کەسی دووەم و جەماوەر ناکەمەوە. تەنیا بیر لە یەک شت دەکەمەوە: ڕاستگۆ بم و ئەو شتەی ئازارم دەدا دەربڕم، دڵسۆزی فۆرم و ناوەڕۆک بم. ئەگەر لەگەڵ خۆمدا ڕاستگۆ بم، خەڵک هەست بە ڕاستگۆییم دەکەن و هەر یەکێکیان وا دەزانێ من شیعرەکەی خۆمم هەر بۆ ئەو نووسیوە.


ناوچەی قەرەداغ

ئەمە لە شیعری "کۆبوونەوە"ی تۆدا بە ڕوونی دەردەکەوێ، ماوەی بڵاو بوونەوەی ئەم شیعرە لە مانگێک تێناپەڕێ کەچی لە دەقێکی نالی زیاتر خوێنرایەوە؟

ئەم کورتە شیعرە کاری نەک هەر لە خەڵک، بگرە لە دەسەڵاتیش کرد. لەم بارەیەوە قسە شوێنی خۆی جێ‌نەهێشت. تەنانەت ئەو ئازیزانەی بە پێوە وەستابوون، یا لە دەرەوەی هۆڵەکە بوون، لە جێی خۆیان نەبزووتن. چما من ئەمە لەبیر دەکەم؟

ئەی بە نیسبەت نوخبەی شاعیران و ڕۆشنبیرانەوە ئەم جیاوازییە تا چەند هەستی پێکراوە؟

ڕەنگە شتێکی لەم شێوەیە هەبێت. سلێمانی هەمیشە سەنتەری ڕۆشنبیری بووە. ئەمە حەقیقەتێکی مێژوویە و ناتوانین نکۆڵی لێ بکەین، تا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بزاڤی کوردی نووسین لە هەولێر لاواز بوو. بەشێک لە خەڵکەکە بە تورکمانی قسەیان دەکرد، هەبوو بە عەرەبی دەینووسی، ئەوانەی دیکەش بە عەرەبی بیریان دەکردەوە. ئێمە چەند گەنجێک بووین کە دەستمان بە شیعر نووسین کرد. بەڵێ، پێش ئێمەش کاک مەدحەت بێخەو، جاهید، پیربااڵ مەحموود و هی تر هەبوون. نووسەری گەورەی وەک محەممەد مەولوود مەم هەبوو. خۆ ئەگەر مامۆستایانی وەک دڵزار و شارەزا و هی تر بە هەولێری دانێین ئەوا ئەڵقەکە فراوانتر دەبێ، بەڵام، لەگەڵ ئەمەشدا، ئێمە لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە شیعرمان کردە مەسەلەیەک، دیاردەیەکی ڕۆشنبیری. هەولێر لە سەرەتای حەفتاکانەوە بە گوڕ هاتە سەر نەخشەی هونەر و شیعر. وەکوو میوانێکی زۆر تازە نا، بەڵام تازەیی پێوە دیار بوو. دیارە هەتا میوان قەبووڵ دەکرێت کاتێکی دەوێ، ئەمە لە خراپیی کەسانی دی نییە. میوان تا جێی خۆی دەکاتەوە کاتێکی دەوێ. لە ڕووسیا، تا مۆسکۆ جێی خۆی لە تەنیشت پێترسبورگ کردەوە کاتێکی زۆری ویست. ئەمە مانای ئەوە نییە پێترسبورگ خراپ بوو.

ئەوەندەی بزانیت لە پارچەکانی دیکەی کوردستان تا چەند پەشێو دەخوێنرێتەوە؟

پەیوەندییەکی گەرموگوڕم لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. زۆرەی خوێنەرانم لەوێ لە هی هەموو شوێنێک زیاترە. لە ڕۆژئاوا و باکووری کوردستانیش خوێنەرم کەم نین. ئەو دیوانەی لە ئەستەنبووڵ بە کرمانجی و پیتی لاتینی چاپ کرا، لە ماوەیەکی کەمدا لە ٢٠٠٠ دانە هیچی نەمایەوە. ئەمساڵ لە دیاربەکر دیوانێکم هەر بە سۆرانی "پیتی لاتینی" چاپ کرا.

باسی ڕۆژهەڵاتت کرد، چی دەڵێیت لە سەر چاپ کردنەوەی بە ڕەهەمەکانت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

لێرەدا ڕاستییەک هەیە حەز دەکەم ڕوونی کەمەوە. من قوتابییەکی حاجی قادر و ئەحمەدی خانیم و سەر بە بیری سەربەخۆییخوازیم [...]. لە زەینی مندا دیاربەکر تورکیا نییە، سلێمانی عێراق نییە، قامیشلی سووریا نییە،... ئەوانە هەموو شاری کوردستانین و منیش خۆم بە شاعیرێکی ئەو وڵاتە دادەنێم. بۆیە لام سەیرە پرسیاری ئەوەم لێ بکرێ لە سلێمانی چۆن قەبووڵ دەکرێم؟ خۆم بە خەڵکی سلێمانی و دیاربەکر و قامیشلی و [...] دادەنێم. من هەڤۆڵاتێکی کوردستانم و نیشتمانەکەم یەک نیشتمانە. سەبارەت بە چاپکردنەوەی بەرهەمەکانم لە ئێران، وەکوو پێشتر باسم کرد، زۆربەی خوێنەرانم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

لەوێ ماوەیەک بە نیازی بازرگانی دیوانەکانم چاپ دەکران، بەڵام لە هەندێکیان تووڕە نیم. چونکە دەزانم بەشێک لەو کۆپیکردنانە ڕۆڵییان بینی لە بڵاو کردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بگرە هەندێکیان، بە تایبەتی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ئاگادار بن یا نا، خزمەتیان بە گەلی خۆیان کرد. بەڵام، پاش ماوەیەک کار لە کار ترازا، لە نیازە بازرگانییەکە تێپەڕی کرد و پەڕییەوە بۆ شتی دی، بۆ لایەنی سیاسی.

هەست دەکەم لە ساڵانی دواییدا بە دەستی ئەنقەست شیعرەکانم دەشێوێنرێن، دەسکاری دەکرێن. پێم وایە، لەوێ هەست بەوە کراوە کە شیعر زۆر دەخوێنرێتەوە. مادام دەخوێنرێتەوە، با بە شێوەیەکی شێواو و هەڵە و دەسکاریکراو بکەوێتە دەستی خەڵک. ئیتر هەستان، بۆ تێکدانی بەرهەمەکانم، پشتیان بەست بە چەند[...]کە خۆم ناوەکانیان دەزانم. چەند ساڵە داوا لە دەسەڵاتی هەولێر و سلێمانی دەکەم ئەو دیوانانە کۆ بکەنەوە "ئەگەر یەک تۆز خەمی ڕۆشنبیریی کوردییان هەیە" بۆ ئەوەی چیدی زمانی کوردی و ڕۆشنبیریی کوردی ئەتک نەکرێت. ناڵێم من ڕەمزی ڕۆشنبیری و زمانی کوردیم، بەڵام هەر شتێک بە زمانێکی سەقەت بخرێتە بەر دەستی خەڵک، جا بەرهەمەکە هی هەر کەسێک بێ، کارێکی ترسناکە. ئەو دیوانەی بە ناوی منەوە چاپ دەکرێ ژەهرە، ژەهری پەتی. یەک ڕستەی ڕەوانی کوردیی تێدا نییە. یەک دێڕی تێدا نییە بە گوێرەی ڕێنووسی کوردی نووسرا بێ.

ئەو ژەهرە چی تر نابێ بدرێتە خەڵکی کوردستان. کۆی بکەنەوە هەتا زووە. هەر لە داخی ئەو ژەهرە دیوانانە تەندروستیم لە ساڵانی دواییدا داڕما. دەیانەوێ بە زیندوویی بمکوژن. ئەوانەی ئەم کارەیان کردووە و دەکەن تاوانبارن. پێویستە تفباران بکرێن.

ئەی ڕات چییە لە سەر هونەرمەند مریەمی ئیبراهیمپوور کە یەکێک لە شیعرەکانی تۆی کردۆتە گۆرانی؟

نەک شیعرێک، چەند شیعرێک. پێم خۆشە و یەکێکە لە دەنگخۆشەکانی کوردستان. بەڵام بۆ بەدبەختی، ئەو نازانێت، کە من، ئەگەر بە تەواویش نەبێت، تا ڕادەیەک قەدەغەم.

ببوورە دوکتۆر، لەم زەمەنی ئازادییەدا تۆ بۆ هەست دەکەیت پیاوێکی قەدەغە بیت؟

خۆ لە خۆمەوە قسە ناکەم. من هەر لەم چەند ساڵەی دواییدا نزیکەی ٩٠ کۆڕم، لە کوردستان و دەرەوە ساز کردووە. هەر یەکێک لەو کۆڕانە خۆپێشاندانێکی گەورە بووە. یانی ئەوەی لە هەولێر کرا، گاڵتە بوو؟! ئەوە کۆڕ نەبوو خۆپێشاندانێکی جەماوەری بوو! ناکرێ چاپەمەنی و تەلەویزیۆنەکان لەمە بێ‌ئاگا بن، تا هیچ نەبێ، بە دوو وشە، لە دەنگوباسی شاردا باسی بکەن. لەو هەموو کۆڕە قەڵەباغانەی دەرەوە ئێوە جارێک تەلەویزیۆنێکتان بینی یەکێکیان پەخش بکا؟ دیارە من گەلێی لە حاڵی خۆم ناکەم، چونکە ئەم حاڵەتە خۆم هەڵمبژاردووە. ئیختیاری خۆمە. جارێک وەزیرێکی ڕۆشنبیری پێی وتم: "یەک مەرحەبای حیزب بکە هەزار هەنگاو لێت دێینە پێش." خۆ منیش دەزانم هەولێری وتەنی "کێندەرێ نیسکان دێنێ"، بەڵام من متمانەی خەڵک بە هەموو دنیا نادەم. ئەوەندەی تەمەنم ماوە دەستم هەر لە سەر دڵم دەبێ ئەو متمانەیە لە دەست نەدەم. چونکە ئەم متمانەیە بە زەحمەتێکی زۆر زۆر بە دەستم هێناوە. ئەنجامی ٤٠ ساڵ کوێرەوەری و قورپەسەری و ئاوارەییە. نامەوێت لە دەست خۆمی بدەم، دەستم پێوە گرتووە.

ئەوانەی کە لە ئوروپا دەگەڕێنەوە ئەگەر شاعیر بن شاعیرەکانی ئێرە بەخیلیان پێ دەبەن، ئەگەر هونەرمەند بن، هونەرمەندەکانی ئێرە بەخیلیان پێ دەبەن، بەوەی کە دەسەڵات زۆر لە خزمەتیاندایە. حەز دەکەم باسی ئەوە بکەی چۆن پێشوازی لە تۆ کرا؟

کۆڕێك لە هەولێر

زۆرە، بەڵام ئەگەر باس لە شیعری کۆبوونەوە بکەم، دەڵێم: شیعرێکی سادەیە، بەڵام تا سەر ئێسقان ڕەوانە. ئەگەر دەیان و سەدان کۆبوونەوەی ئەو سیسارکانە ئازاری نەدابام، نەمدەتوانی ئەم وێنە شیعرییە هەڵێنجم. بیرۆکەکە یەکەم جار هەبووە. لەباتی ئەو چەرەس و میوەیەی هەموو ڕۆژێ لە تەلەویزیۆنەکانەوە دەمدی لە بەردەمیان دادەنرا، پێم شتێکی باش بوو ئەگەر ئێسک و پرووسکی ئەنفالەکان یان عومەر خاوەر و کۆڕپەکەیان لەبەردەم دانێن. واتە لە سەرەتادا بیرۆکەکە هەبوو، ئینجا بە دوای کەرستە و وێنەدا گەڕام، بۆ ئەوەی پێش هەر کەسێک خۆم ئاسوودە بکەم. دیارە ئەوەی منی ئازار دەدا سەدان هەزار کەسی تریشی ئازار دەدا، هەر بۆیەش لە ماوەیەکی کورتدا، خەڵکەکە کردیان بە هی خۆیان. من شتێکی تازەم نەگوت. هەر ئەوەم گوت کە لە دڵی ملیۆنان کەسدا خۆی دانووساندبوو.

با باس لە ستەمی ژینگە بکەین، هەمیشە ژینگە ستەمی خۆی هەبووە لە سەر نووسەران، ئەوەتا مەولانای نەقشبەندی لە سلێمانیدا جێگای نابێتەوە و شاربەدەر دەکرێت، ستەمی ژینگە تا چەندێک لە سەر تۆ هەبووە؟

ڕەنگە ئەو شتە هەبێ، بەڵام من هەستم پێی نەکردووە. بە پێچەوانەوە، ڕەنگە باشترین کۆڕەکانم لە سلێمانی بن. لەوێش، وەک لە هەولێر و لە هەر شارێکی تری کوردستان، ئاسوودەم. لە کۆڕی ئەم جارەمدا لە سلێمانی، ماوەی ٢٠ خولەک زیاتر کارەبا کوژرایەوە، یەک کەس لە ئەوەم لێ بکرێ لە سلێمانی چۆن قەبووڵ دەکرێم؟ خۆم بە خەڵکی سلێمانی و دیاربەکر و قامیشلی و [...] دادەنێم. من هەڤۆڵاتێکی کوردستانم و نیشتمانەکەم یەک نیشتمانە. سەبارەت بە چاپکردنەوەی بەرهەمەکانم لە ئێران، وەکوو پێشتر باسم کرد، زۆربەی خوێنەرانم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

لەوێ ماوەیەک بە نیازی بازرگانی دیوانەکانم چاپ دەکران، بەڵام لە هەندێکیان تووڕە نیم. چونکە دەزانم بەشێک لەو کۆپیکردنانە ڕۆڵییان بینی لە بڵاو کردنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بگرە هەندێکیان، بە تایبەتی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ئاگادار بن یا نا، خزمەتیان بە گەلی خۆیان کرد. بەڵام، پاش ماوەیەک کار لە کار ترازا، لە نیازە بازرگانییەکە تێپەڕی کرد و پەڕییەوە بۆ شتی دی، بۆ لایەنی سیاسی.

هەست دەکەم لە ساڵانی دواییدا بە دەستی ئەنقەست شیعرەکانم دەشێوێنرێن، دەسکاری دەکرێن. پێم وایە، لەوێ هەست بەوە کراوە کە شیعر زۆر دەخوێنرێتەوە. مادام دەخوێنرێتەوە، با بە شێوەیەکی شێواو و هەڵە و دەسکاریکراو بکەوێتە دەستی خەڵک. ئیتر هەستان، بۆ تێکدانی بەرهەمەکانم، پشتیان بەست بە چەند[...]کە خۆم ناوەکانیان دەزانم. چەند ساڵە داوا لە دەسەڵاتی هەولێر و سلێمانی دەکەم ئەو دیوانانە کۆ بکەنەوە "ئەگەر یەک تۆز خەمی ڕۆشنبیریی کوردییان هەیە" بۆ ئەوەی چیدی زمانی کوردی و ڕۆشنبیریی کوردی ئەتک نەکرێت. ناڵێم من ڕەمزی ڕۆشنبیری و زمانی کوردیم، بەڵام هەر شتێک بە زمانێکی سەقەت بخرێتە بەر دەستی خەڵک، جا بەرهەمەکە هی هەر کەسێک بێ، کارێکی ترسناکە. ئەو دیوانەی بە ناوی منەوە چاپ دەکرێ ژەهرە، ژەهری پەتی. یەک ڕستەی ڕەوانی کوردیی تێدا نییە. یەک دێڕی تێدا نییە بە گوێرەی ڕێنووسی کوردی نووسرا بێ.

ئەو ژەهرە چی تر نابێ بدرێتە خەڵکی کوردستان. کۆی بکەنەوە هەتا زووە. هەر لە داخی ئەو ژەهرە دیوانانە تەندروستیم لە ساڵانی دواییدا داڕما. دەیانەوێ بە زیندوویی بمکوژن. ئەوانەی ئەم کارەیان کردووە و دەکەن تاوانبارن. پێویستە تفباران بکرێن.

ئەی ڕات چییە لە سەر هونەرمەند مریەمی ئیبراهیمپوور کە یەکێک لە شیعرەکانی تۆی کردۆتە گۆرانی؟

نەک شیعرێک، چەند شیعرێک. پێم خۆشە و یەکێکە لە دەنگخۆشەکانی کوردستان. بەڵام بۆ بەدبەختی، ئەو نازانێت، کە من، ئەگەر بە تەواویش نەبێت، تا ڕادەیەک قەدەغەم.

ببوورە دوکتۆر، لەم زەمەنی ئازادییەدا تۆ بۆ هەست دەکەیت پیاوێکی قەدەغە بیت؟

خۆ لە خۆمەوە قسە ناکەم. من هەر لەم چەند ساڵەی دواییدا نزیکەی ٩٠ کۆڕم، لە کوردستان و دەرەوە ساز کردووە. هەر یەکێک لەو کۆڕانە خۆپێشاندانێکی گەورە بووە. یانی ئەوەی لە هەولێر کرا، گاڵتە بوو؟! ئەوە کۆڕ نەبوو خۆپێشاندانێکی جەماوەری بوو! ناکرێ چاپەمەنی و تەلەویزیۆنەکان لەمە بێ‌ئاگا بن، تا هیچ نەبێ، بە دوو وشە، لە دەنگوباسی شاردا باسی بکەن. لەو هەموو کۆڕە قەڵەباغانەی دەرەوە ئێوە جارێک تەلەویزیۆنێکتان بینی یەکێکیان پەخش بکا؟ دیارە من گەلێی لە حاڵی خۆم ناکەم، چونکە ئەم حاڵەتە خۆم هەڵمبژاردووە. ئیختیاری خۆمە. جارێک وەزیرێکی ڕۆشنبیری پێی وتم: "یەک مەرحەبای حیزب بکە هەزار هەنگاو لێت دێینە پێش." خۆ منیش دەزانم هەولێری وتەنی "کێندەرێ نیسکان دێنێ"، بەڵام من متمانەی خەڵک بە هەموو دنیا نادەم. ئەوەندەی تەمەنم ماوە دەستم هەر لە سەر دڵم دەبێ ئەو متمانەیە لە دەست نەدەم. چونکە ئەم متمانەیە بە زەحمەتێکی زۆر زۆر بە دەستم هێناوە. ئەنجامی ٤٠ ساڵ کوێرەوەری و قورپەسەری و ئاوارەییە. نامەوێت لە دەست خۆمی بدەم، دەستم پێوە گرتووە.

ئەوانەی کە لە ئوروپا دەگەڕێنەوە ئەگەر شاعیر بن شاعیرەکانی ئێرە بەخیلیان پێ دەبەن، ئەگەر هونەرمەند بن، هونەرمەندەکانی ئێرە بەخیلیان پێ دەبەن، بەوەی کە دەسەڵات زۆر لە خزمەتیاندایە. حەز دەکەم باسی ئەوە بکەی چۆن پێشوازی لە تۆ کرا؟

دەسەلات گەورەترین دوژمنی بەهرەیە. دەسەلات بەهرە دەکوژێ، قەڵەم دەشکێنێ. جا نازانم، نووسەر و هونەرمەندانی کوردستان، بۆچی بەخیلی بە کەسانێک دەبەن کە بەهرەیان دەکوژرێ، یا قەڵەمیان دەشکێ! بەش بە حاڵی خۆم، نان و ئاوێک و پارچە بەرەی ماڵە هەژارێکی کوردستان بە هەزار هۆتێلی پێنج ئەستێرە و خۆراکی شاهانە ناگۆڕمەوە. ساڵ و نیوێک پێش ئێستا، کە لە نێوان ژیان و مردندا بووم، سەرکردەیەک بە تەلەفۆن خەمگینی خۆی نیشان دا و ئامادەیی نیشان دا هەر داخوازییەکم هەبێ بۆم جێبەجێ بکا. من هەموو جۆرە یارمەتییەکم پەت کردەوە. کەچی کە بە زیندوویی، نەک وەک مەیتێک، هاتمەوە، بەخێر هاتنەوەشی نەکردم! ئەوانە تەنیا پێشوازی لە مەیتان دەکەن، چ هی زیندوو، چ هی مردوو!! هەر بۆیەش تا ئێستا بواری داوەت و ماوەت، پێشوازی مێشوازیم نەداوە، نەمهێشتووە لە خوشک و برایانی تری کوردستانی دامبڕن. ناهێڵم دەم بخوا، تا چاو شەرم نەکا! گەرنا خۆ منیش دەتوانم بچم لە باشترین هۆتێل دابنیشم، لە سەرورگی خەڵکی بلەوەڕێم، بەڵام نایکەم.

بەرپرسەکانی بواری ڕۆشنبیری لە کوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

زۆربەیان فەرمانبەری حیزبین، غەیری تێکدانی ڕۆشنبیریی کوردی هیچی تر ناکەن. هیچ پرۆژەیەکی ڕۆشنبیرییان نییە و هەر خەریکی ساز کردنی قوونبادانن بە ناوی فێستیڤاڵی ڕۆشنبیرییەوە، کە بە سەدان هەزار دۆڵاری لێ خەرج دەکەن، لە پارەی ئەو میللەتە هەژارە، کە هێشتا فەرهەنگێکی زمانی نییە. ڕاستە ئێمە چەند فەرهەنگێکمان هەن، کە بە هەوڵ و تەقەلای چەند کەسێکی قوربانیدەر نووسراون، بەڵام ئێستا زەمانی ئەوە تێپەڕیوە کەسێک بچێتە ئەشکەوتێک و فەرهەنگ دابنێت. ئەمە کاری دەوڵەتە، دەبێ دەوڵەت بودجەی بۆ دابنێ. فەرهەنگی زمان، پرۆژەیەکی درێژخایەنە و کاری تاکە کەسێک نییە. هەر پێتێک لە پیتەکانی فەرهەنگ چەند کەسێکی دەوێ بۆی دانیشن. پێویستی بە مەرجەعییەت هەیە لە چەند ئاستێکدا. فەرهەنگسازان دەبێ هەڵگری دیالێکت و بندیالێکتی هەموو دەڤەرەکانی کوردستان بن و هەموو زاراوەکان بزانن. جگە لەمەش ئاگاداریەکی باشیان هەبێ لە زانستی زمان و یاسا و ڕێساکانی. کۆمەڵێک پرۆژەی بنچینەیی هەن، بێ جێبەجێکردنیان پێشکەوتنی ڕۆشنبیری مەحاڵە. گرفتی گەورەی ئێمە نەخوێندەواریی دەسەلاتە.

ئەی ڕۆڵی کۆڕی زانیاریی کورد و مەڵبەندی کوردۆلۆژی چۆن هەڵدەسەنگێنیت بە تایبەتی کە ئێستا لە زانکۆکانی عێراقدا ١٤ بەشی کوردی هەیە؟

خەڵکێک لە مەسەلەی ڕۆشنبیری و زمان دەگا، کە پەیوەندییەکی بەو ڕۆشنبیرییەوە هەبێت. زمان و ڕۆشنبیریی کوردی لەم بەشەی کوردستان لە مەترسیدایە، بە تایبەتی زمانی کوردی. تۆ هەست بە ڕێنووسی کوردی دەکەیت لە کوردستان؟ هەتا ئێستا ڕێنووسمان نییە. هەر لە تابلۆی سەر بارەگای حیزبەکانەوە دەست پێبکە تا دەگاتە وەزارەتەکان، بزانە تابلۆیەکی ڕاست دەبینی؟ تێکدانێکی ڕێکوپێکی سیستماتیکی هەیە سەبارەت بە زمان و ڕۆشنبیری. چەندایەتی چۆنایەتیی کوشتووە. سەتان ڕۆژنامە و گۆڤار دەردەچن، بەڵام چەند کەس دەیانخوێنێتەوە؟ سەرنووسەری ڕۆژنامە و گۆڤار هەیە لە تاقیکردنەوەی ئیملای شەشی سەرەتایی ساقیت دەبێ! ڕۆژنامەکانی وڵاتێکی بچووکی وەک فینلاند لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێناپەڕن، بەڵام ڕۆژنامەی "هێلسینکی سەنەمات" یەک ملیۆن و نیو ئیشتراکی ڕۆژانەی هەیە. خوێندنەوەی ڕۆژنامە بووە بە کلتوورێک خەڵکی لەگەڵ چای بەیانی ڕۆژنامەیەکیشی لەبەردەمە و دەیخوێننەوە. ئەو ڕۆژنامانەی لێرە دەردەچن سەدان هەزار دۆڵاریان لێ سەرف دەکرێت بەڵام دوو هەزار خوێنەریان نییە.

تۆ لە شیعرەکانتدا زۆر باسی ئاڵا دەکەیت بە جۆرێک قوربانی بە زۆر شت ئەدەیت لە پێناو ئاڵادا، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی لە شیعرێکدا هەموو کلتووری کورد، بە ئاتەشگەدەکانی مادەوە، بخەینە مەزادەوە لە پێناو پارچە پەڕۆیەکدا، کە ئاڵایە! ئەمڕۆ ئێمە لە کوردستاندا بەو خەونە گەیشتین و ئاڵامان هەڵکرد، بەڵام لە ژێر ئەم ئاڵایەدا هێشتا ئازادیی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن وەکوو پێویست نییە و چەوساندنەوەش بەردەوامە. هەست ناکەی ئاڵا بە تەنها لە ئاستی خەونەکانی ئێمەدا نییە؟

یەکەم شیعرم لە سەر ئاڵا لە کۆپە خوێندەوە لە ساڵی ٧٠ یان ٧١:

دۆستەکانم باش بزانن، دوژمنانم باش بزانن،
چەند باوەڕم بە زەردەشت و بە ئاڤێستا و بە خوا هەیە،
هەزار هێندەش
باوەڕم بە هەڵکردنی ئاڵا هەیە.

ئەوەی کەمێک سەلیقەی هەبێ، دەزانی من باسی کام ئاڵا دەکەم. ئاڵا لای من نیشانەی سەربەخۆیی، دادپەروەری، یەکسانی، گەشەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، خۆشگوزەرانی و یاساسالارییە.


کاری هونەرمەند: ئازاد ئەحمەد

نەتەوە چە مکێکی مێژووکردە. بەڵام لە هەمان کاتدا، چەند فاکتەرێک هەن پرۆسەی دروستبوونی نەتەوە خێراتر دەکەن و چەند فاکتەرێکیش هەن ئەو پرۆسەیە خاو دەکەنەوە. یەک لەو فاکتەرانەی کە پرۆسەی دروستبوونی نەتەوە خێراتر دەکەن ڕەمزە. یەکێک لەو ڕەمزە گرینگانەش ئاڵایە. گەلێک لە زاخۆوە هەتا قەڵادزێ ڕەمزێکی هەبێت، با پارچە پەڕۆیەکیش بێت، ئەندامەکانی ئەو گەلە هەست بە هاوچارەنووسی دەکەن. لە ساڵی ١٩٩٢دا، کە بۆ یەکەم جار هاتمەوە، بایەخی زۆرم بە ئاڵا دا. لە هەموو شوێنێک باسم دەکرد. دەمزانی ئەگەر ڕەمزێکی هاوبەش کۆمان نەکاتەوە، شەڕەپەڕۆی حیزبەکان ماڵمان وێران دەکا. هەر بۆیە لە چەمچەماڵ، لە کۆڕێکمدا، کۆمەڵێک کەچەپەڕۆم لە بەردەم دانرابوو، شەقێکم تێهەڵدان و ئاڵای کوردستانم لە جێیان دانا. ویستم بڵێم: ئەمە ڕەمزی هەموومانە، ئەمە هەموومان کۆ دەکاتەوە و وامان لێدەکات هەست بەوە بکەین سەر بە یەک کلتوور و جوگرافیا و خاکین. دەمزانی ئەو پەڕیانەی حیزبەکان جیامان دەکەنەوە. سۆسەی ئەوەم دەکرد شەڕەپەڕۆ چیمان بەسەر دێنێ و بەسەریشی هێنایین! تۆ لە وڵاتانی ئوروپا و وڵاتانی تریش دەبینی هەتا منداڵەکانیش وێنەی ئاڵا لە سەر ڕوومەت و نێوچاوانیان دەدەن. کەچی ئێمە پەڕۆی حیزب هەڵدەکەین، تانکییەک ئاو دەبەین بۆ کەرکووک پەڕۆ پیسەکەی حیزب بە سەریەوە دەشەکێتەوە! کتێبی خوێندن دەدرێتە قوتابییانی کورد دەبێ سوپاسی حیزب بکەین. جاران هەر یەکێک لە ئێمە سەر بە عەشیرەتێک بوو. عەشیرەت خێوەتێک بوو لە بنیدا هەستمان بە ئاسوودەیی دەکرد، هەستمان بەوە دەکرد براگەورەیەک هەیە دەمانپارێزێت. خێوەتی سەرخێڵ دەستوور بوو، یاسا بوو، بنمیچی پەرلەمان بوو. لەبەر ئەوە چووینە ناو حیزب بە عەقڵییەتی چوونە ژێر دەواری خێڵ. حیزب جێی عەشیرەتی گرتەوە. لەبەر ئەوە زۆر جار، لەباتی وشەی حیزب، دەڵێم حیزب ـ عەشیرەتەکانی کوردستان. چونکە، کە تۆ دەبیت بە ئەندام لە حیزبێکدا، بە عەقڵییەتی بە ئەندام بوون لە عەشیرەتێک دەچیتە ئەو حیزبەوە. پەیوەندیی حیزب و سەرکردەی حیزبیش کتومت پەیوەندیی نێوان سەرخێڵ و ڕەعییەتە. نە سەرخێڵ پیاوێکی خۆی لە سەر بێگانە سزا دەدا، نە ڕەعییەتیش لە فەرمانی براگەورەی عەشیرەت دەردەچێ. هەر لەبەر ئەمەشە، لای ئێمە، سەرۆکی حیزب ئەڵقەی یەکەمی دەسەلاتە. ئەم ئەڵقەیەش کەس ناتوانێت دەستی ڕەخنەی بۆ درێژ بکات، کفرە. لە هەندێ شوێنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستا، کە دیمۆکراسی بەرەو پێش دەچێت، پەنجەی ڕەخنە ئەوپەڕەکەی دەگاتە ئەڵقەی دووەمی دەسەلات، بەڵام لە ئەڵقەی یەکەم نزیک ناکەوێتەوە، بڤەیە.

ئەگەر نزیک کەوتنەوە لە ئەڵقەی یەکەم کفر بێت، ئایا عەبدوڵڵا پەشێو تا ئێستا ئەو کفرەی کردووە؟

چۆن نەمکردووە! من هەموو ژیانم قسەم بە سکرتێر و سەرکردەکان گوتووە. من شیعری "جووتە پێڵاو"م گوتووە و یەکەمجاریش بۆ سەرکردەیەکم خوێندۆتەوە! من شیعری "ماچ"م گوتووە، بۆ ڕسواکردنی ئەوانەی بە ناوی بەرەی کوردستانییەوە چوون سەددامیان ماچ کرد. بەڵام هەر وا جنێودان بە سەرکردەکان ڕاست نییە. من قەت لەبەر هۆی شەخسی ڕەخنەم نەگرتووە. تەنانەت ڕەنگە، وەکوو لایەنی شەخسی هەندێک لە سەرکردەکان زۆر نازیان ڕاگرتبم. جار هەبووە ڕووبەڕوو ڕەخنەی توندم گرتووە، لێمیان قەبووڵ کردووە. من وەک مرۆڤ کێشەم لەگەڵیان نییە. بەڵام دژی ئەو گوناهەم کە لە سایەی ئەوان بەرامبەر بە میللەتەکەم دەکرێت. دژیانم، کە دەیان ساڵە لە شەڕی براکوژیدا، دەیان هەزار ڕۆڵەی کوردیان بە کوشت دا. دژیانم کە تا دێ پارچە پارچەمان دەکەن. ئاکارمان تێک دەدەن... خێر و بێری وڵاتەکەمان بە فیڕۆ دەدەن. دژیانم کە دەبینم هیچ پرۆژەیەکیان بۆ دامەزراندنی دەوڵەت نییە. دژیانم کە دەبینم جیاوازیی چینایەتییان گەیاندۆتە ئەوپەڕی و....

ئەگەر ئەمە حاڵی کوردستان بێت لە ژێر سایەی حیزبدا، بۆچی هەموو شتێک بە قوربانی ئاڵا بکەین؟

ڕەنگە ئەو قسەیە ڕاستییەکی تێدا بێت. بەڵێ، بۆ ئازادی، بەڵام ئازادی بۆ کێ؟ هێشتاکە من پێم وا نییە باشووری کوردستان وڵاتێکی ئازاد بێت. هێشتا هەڕەشەمان لێدەکرێت. هەڕەشەکەش پێش هەمووان لە لایەن خۆمانەوەیە. خۆمان سەربەخۆیی نادەین بە خۆمان. ئەوە نییە هەرێمێکمان دابەش کردووە بۆ چەند هەرێمۆکەیەک؟ ئێمە خۆمان ئامادە نەکردووە بۆ پێشهاتەکان. من زۆر جار دەڵێم ئێمە نەک هەر گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتین، بەڵکو گەورەترین نەتەوەی بێ‌پرۆژەی دەوڵەتیشین. ئەوەی عەقڵییەتی پرۆژەی دەوڵەت نەبێت، ناتوانێت یەک بگرێتەوە. ئەگینا ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە دوو سیستم و دوو ئایدۆلۆژیا و سەر بە دوو جەمسەری جیا بوون، تەنانەت دوو جۆرە دراو، دوو جۆرە سیستمی ئابووری جیاوازیان هەبووە لەگەڵ ئەوەشدا بە بڕیارێکی سیاسی توانییان لە ماوەی چەند سەعاتێکدا دیواری بەرلین بڕووخێنن و ببنەوە یەک. ئەگەر قسەیەکی مامۆستا مەسعوود محەممەد بە کار بهێنم، ئەوە دەپرسم: ئابووریی هەولێر و سلێمانی هێندەی شەقامێکی بێرلین نابێت، لە سەر چی یەک ناگرنەوە؟ بەڵام ئەوان بە عەقڵییەتی دوو کۆمپانیا کار دەکەن.

کۆڕێک لە هەولێر

سەبارەت بەو ڕایەی پێی وایە، مانەوەمان لە چوارچێوەی عێراقدا لە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووریی ئێمەیە لەم قۆناخەدا، چی دەڵێیت؟

من زۆر دژی ئەوەم. ئەوان خەمی ئابووریی خۆیانە! ئێستا سەرمایەی سەرانی حیزبەکان گەیشتۆتە ڕادەیەک کە ئەو چەند شارەی کوردستان بۆ سەرمایەی ئەوان بچووک بێ. ئەوان چاویان لە بازاڕی ناوەڕاست و باشووری عێراقە. ئاگایان لە چارەنووسی ئەم نەتەوەیە نییە. ئەمن پێم وایە نەتەوەی کورد قەت نابێتە خاوەنی کەرامەتی خۆی هەتا کیانی سەربەخۆی نەبێت. بەڵام، لە دوای کیانی سەربەخۆ، ڕەنگە بتوانین لەگەڵ میللەتەکانی دەوروبەر لە چوارچێوەی کۆنفیدراڵی یان فیدراڵی یان هەر شێوەیەکی تر چوارچێوەیەک پێکبێنین. بەڵام لە سەر بنەمای مافی چارەنووس. کە یەکگرتن لە ئوروپا دەبێت، لە سەر بنەمای سەردەستی و بندەستیی هیچ کلتوورێک نییە. ئەڵمانیا بەو هەموو زەبەلاحییە ناتوانێت زمان و کلتووری خۆی لە سەر فینلاند فەرز بکا. ئێستۆنیا با بچووکیش بێ، با بەشێکیش بێ لە یەکێتیی ئوروپا، منداڵیان هەر لە باخچەی ساوایانەوە بە ئیستۆنی دەخوێنێت. هیچ کلتوور و زمانێک سەردەست نییە جگە لە ئیستۆنی. ئەگەر حاڵەتی کلتووری میللەتانی ئەم ناوچەیە پێگەی ئەوە بدات لە حەوشەی هاوبەشدا هەر کەسە و ماڵۆچکەیەک، هۆدەیەکی خۆی هەبێ، پێکەوە ژیانم پێ ناخۆش نییە. بەڵام وا تێدەگەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو کلتوورە نییە کە لە سایەیدا فیدراڵییەتێکی ڕاستەقینە دابمەزرێ. کلتووری یەکتر قەبووڵکردن نییە و بەم زووانەش نابێ.

تۆ لە سەر مەسەلەی زمان زۆر حەساسی، ئێستا کە لە دەستووری عێراقدا زمانی کوردی بە ڕەسمی ناسراوە، هەست ناکەیت دەکەوینە بەردەم کێشەی دوو لەهجە؟ بە تایبەتی ئێستا کە لێژنەیەک دروست بووە بۆ پێداچوونەوەی زمانی کوردی، دەبێت ئەو لێژنەیە چۆن کار بکات؟

ئێستا زمانی کوردی کە، وەک زمانێکی یەکگرتوو، لە پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکان وەکوو بیلبیلەی چاو دەپارێزرا، نەماوە. تەنانەت ئەو وشانەی کە نێزیکەی ٥٠-٦٠ ساڵە ئێمە پێیان ڕاهاتووین نەخوێندەوارانی حیزب بە گوێرەی میزاج و دیالێکت و دەڤەر و گوندەکانی خۆیان دەیانگۆڕن. نووسینی بەناو لاتینی و لە ڕاستیشدا تورکی خەتەری هەرە گەورەیە. هەندێ لە کەماڵیستەکانی ئوروپا دێنەوە لێرە بەرەوی پێ‌دەدەن. قۆڵبڕ و ساختەچیی وا هەیە بیست ساڵ زێترە پارە لە یەکێتی ئوروپا وەردەگرێ بە ناوی ئەنستیتۆی کوردی و نەبهێشتووە یەک خوێندەواری کورد توخنی ئەو دەزگایە بکەوێت، کەچی ئێستا دێت پارە لە دەسەلاتی بێتاگای ئێرە وەردەگرێت بە ناوی بڵاوکردنەوەی لاتینی، فێری کوردیمان دەکات! من دژی بە کارهێنانی هیچ جۆرە ئەلفوبێیەک نیم، بە مەرجێ هەڵبژاردن و گونجاندنی لەگەڵ سترۆکتور و تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیدا بکەوێتە ئەستۆی پسپۆرانی مەیدانی زمان و مەرجەعییەتێک هەبێ بۆ بڕیار. نابێ، بە هیچ شێوەیەک، ئیدیۆلۆژیا و حزب و ناوچەپەرستی خۆیان بترنجێننە ناو ئەو مەیدانەوە. کاری ئەوان نییە. ئەو پیتە تورکییانەی ئێستا بانگەشەیان بۆ دەکرێ لە ماڵوێرانی بەولاوە هیچی تریان بەدوادا نایێ. ئەوەی هەمانە ئەویشمان دەچێ. بەو ئەلفوبێیە تانوپۆی فۆنەتیکی زمانەکەمان دەگۆڕێ و ئەمەش کار دەکاتە سەر کێش و سەروای شیعر و فۆلکلۆر، بەشی زۆری گەنجینەی ڕۆشنبیریمان لە بەین دەچێ. ئەلفوبێ گۆڕین گاڵتە نییە و بەو ئاسانییە دانوستانی لەگەڵدا ناکرێ. ئەو گێروگرفتانەی زمانی عەرەبی و فارسی و گەلانی ئەفغانستان و پاکستان هەیانە، ئێمە زۆریانمان لە ئەلفوبێی خۆماندا چارەسەر کردووە، بەتایبەتیش کێشەی بزوێنەکان. قوتابیی عەرەب زانکۆش تەواو دەکا بەتەواوی فێری نووسینی زمانی خۆی نابێ، کەچی ئەگەر سیستەمێکی هاوچەرخ لە کوردستان پەیڕەو بکرێ، ئەوا قوتابیی کورد و بێگانەش لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بەم ئەلفوبێیە کوردی ـ ئارامییە بەتەواوی فێری نووسین و خوێندنەوە دەبن. من لە نێزیکەوە دەزانم چۆن گەلانی شووڕەویی جاران (تاجیک و تەتەر و ئازەری و کازاخی و کورد و ئەوانی تر) بە گۆڕینی ئەلفوبێی پێشووی خۆیان لە قەنلانیش بوون لە کۆترانیش!

لایەنێك لە "دنیای تایبەت"ی پەشێو

١٢←

عەبدوڵڵا پەشێو یەکێکە لە دیارترین شاعیرانی کورد کە هەر لە سەرەتای شێعر وتنەوە تا ئێستا، بەردەوام حەولی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی داوە بۆ ئەم بارودۆخەی تێیدا بووە(شێوە ڕوانینی دووەم)، واتە شێوە ڕوانینێکی ڕێفۆرمخوازانەی ڕەچاو کردووە، نەک ڕوانینێک لە سەر بنەمای حاشا کردن و ڕووخاندن.

مەبەستم ئەوەیە کە پەشێو ڕەنگە بە سەر ڕوانینەکەیدا ڕوانگەیەکی ئیدئۆلۆژیکیشی پێوە دیار بێ، بەڵام قەت وەک شێوە ڕوانینی یەکەم، واتە وەک شاعیرێکی ئیدئۆلۆگی تۆخ و بە شێوەی شاعیرێکی حیزبی کە تەنیا لە ڕۆچنەی بچووکی بیری تەسکی حیزبایەتییەوە دەڕوانێتە ڕوودواوەکان، مامەڵە لەگەڵ دنیا و بارودۆخەکەی ناکا، بەڵکوو حەول دەدا ئەم بارودۆخەی "ئێستا" ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێ. ئەم حەولەش هەندێ جار بە زمانێکی ڕەق و توندوتیژو ڕاشکاوانە لە لایەن پەشێوەوە دێتە ڕوو. پەشێو بەم زمانە ڕوو دەکاتە بەردەنگەکانی و بۆ دنیای تایبەتی خۆی بانگهێشتنیان دەکا.

بێگومان لەم نێوەدا تاقمێک لەگەڵی هاودەنگ نابن ـ کە ڕەنگە حەقی خۆشیان بێ! ـ و بە هەر هۆیەک (کە زیاتر پاراستنی بەرژەوەندیی دەسەلاتە) ئەم حەولەی پەشێو بۆ سازدانی ئاڵوگۆڕ پەسند ناکەن.

کەرەسەی پەشێو بۆ پێکهێنانی "دنیا تایبەت"ەکەی شێعری "دەنگەهەڵبڕە" کە لە قالبی ڕەخنە لە دەسەلات و هەندێ جاریش ڕەخنە لە کۆمەڵگاکەی خۆی دەردەخا. پەشێو دەڵێ: "ئەگەر لەگەڵ خۆمدا ڕاستگۆ بم، خەڵک هەست بە ڕاستگۆییم دەکەن."

پەشێو ڕاستگۆیانە لەگەڵ بەردەنگەکانی دەدوێ و ڕەنگە هەر بۆیەش بێ، حەشیمەتی دنیا تایبەتییەکەی هەر دێ زیاتر و زیاتر دەبێ، جەماعەتێک کە ڕەخنەی شاعیرەکەیان بە دڵە و پێیان وایە لە گەرووی ئەوانەوە دێتەدەر. بەڵگەی ئەم سەداقەتەش لە زۆربەی هەرە زۆری شێعرەکانیدا دەدیترێ.

لە سەردەمێکدا کە بیری چەپی ڕادیکاڵ وەک تەنیا ئیدئۆلۆژی ڕزگاریدەری گەلانی ژێردەست تانوپۆی مێشکی ڕووناکبیرانی جیهان و دیارە کوردستانیشی تەنیبوو، دیاردەی ئەنتێرناسیۆنالیستی چەپ و شۆڕش بە دژی سەرمایەداری، دۆز و کێشەی نەتەوەیی خستبووە پەراوێز و باس لە چەمکی ناسیۆنالیسم مۆرکی دواکەوتوویی پێوە دەلکێندرا، مامۆستا ئەحمەد قازی وا تەنی: "پەشێو بە ڕاشکاوی لە شێعرەکانیدا باسی ناسیۆنالیسمی کوردی دەکرد و نەیدەشاردەوە." هەر چەند پەشێو حاشا و نکۆڵیشی لەم گەڕیانە جیهانییە نەکرد، بڕوانە:

ئەوسا... بڕۆم
تا لە خاکی فەلەستینی ئاسمانگەشا،
نەک هەر لەوێ:
لە جەنگەڵە چڕەکانی ناو ڤیێتنامە،
لە ئەفریقای قولەڕەشا،
لە ئێرتیریای بێبەهارا،
لە هەر خاکێک دۆڵار بژی،
بژیێنمەوە سەد "گیڤارا".

بەڵام پەشێو بۆ ئەم وتانەی سەرەوەی مەرجێکی هەیە کە هەر لە سەرەتای ئەم شێعرەدا ئاماژەی پێدەکا، ئەمیش ئەوەیە کە کوردستانەکەی ڕزگاری بێ و لەککەی دیلی لە سەر ڕووی بسڕێتەوە. کە وا بوو پەشێو، نەتەوەخوازی وە پێش بزووتنەوەی جیهانی چەپ دەدەا و چەمکی سەرەکی شێعرەکانی هەر کوردستانن. ئەم ئیدیعایە بە شێوەی هێڵێکی ڕاست لە سەرەتاوە تا ئێستا (لە باری زەمانییەوە) لە شێعری پەشێودا دەدۆزرێتەوە و بەدی دەکرێ.

لەم یادداشتە کورتەدا من تەنیا حەولی ئەوەم داوە کە بە کورتی باس لە لایەنێکی دنیا تایبەتییەکەی پەشێو بکەم و دڵنیام ئەم باسەش زۆری بە بەرەوەیە و پێویستی بە ماندوو بوونێکی زیاتر و دەرفەتێکی ترە. دەکرێ بە هێنانەوەی نموونە لە خودی دەقە شێعرییەکانی، ئەم دنیا تایبەتییە زیاتر پێناسە بکرێ، با بمێنێ بۆ هەلێکی تر.

ئەدەب و هونەر
١٢ یەیامی کوردستان
شمارە ٣٠ـ شنبە ٢٧ خرداد ١٣٨٥ ـ ٢٠جمادی‌الاول ١٤٢٧ ـ ١٧ ژوئن ٢٠٠٦

دوایین هۆنراوەی مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو


میری دزان
با چیاکان لەسەر هەست بن .
با دار و بەرد
هەر چاوێکیان هەزار چاو و
هەر گوێیەکیان هەزار گوێ بێ .
دەبا کورگەل دابەش ببن ،
چەکەکانیان لەسەر پێ بێ .
با چۆلەکە گرمۆلە بێ ، نەجریوێنێ ...
با پشیلە ئارام بگرێ ، نەمیاوێنێ ..
سەگ نەوەڕێ ،
کەر نەزەڕێ ،
تا مێروولەش بە دیواردا هەڵنەگەڕێ ،
چونکە ئەمڕۆ
دنیا دەمەونخوون دەبێ :
میری دزان بەم ناوەدا تێدەپەڕێ !
عەبدوڵڵا پەشێو
کوردستان ٢٠٠٦/١/١

میری دزان

با چیاکان لەسەر هەست بن.
با دار و بەرد
هەر چاوێکیان هەزار چاو و
هەر گوێیەکیان هەزار گوێ بێ.
دەبا کورگەل دابەش ببن ،
چەکەکانیان لەسەر پێ بێ.
با چۆلەکە گرمۆلە بێ ، نەجریوێنێ...
با پشیلە ئارام بگرێ ، نەمیاوێنێ...
سەگ نەوەڕێ ،
کەر نەزەڕێ ،
تا مێروولەش بە دیواردا هەڵنەگەڕێ ،
چونکە ئەمڕۆ
دنیا دەمەونخوون دەبێ:
میری دزان بەم ناوەدا تێدەپەڕێ!

کوردستان ـ ٢٠٠٦/١/١

دوکتۆر عەبدوڵڵا پەشێو:

زۆرترین خوێنەرم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە

بەشی کۆتایی

باشە ئێستا چۆن زمانی کوردی بەرینە ناو دامودەزگا ڕەسمییەکانەوە؟

بۆ ئەوە بڕیاربەدەستی خوێندەوارمان دەوێ. ئیرادەی سیاسیمان دەوێ. ئەوانەی دەسەڵاتدارن تا چ ڕادەیەک، هیچ نەبێ لەو بوارەی باسی دەکەین، خوێندەوارن؟ هەندێکیان هەر نەخوێندەوارن. من جارێک لە ڕۆژنامەی (میدیا) باسم کرد، بەشێک لە سەرکردەکانی کورد کوردی نازانن، دەبێت کۆرسێکی زمانی کوردییان بۆ بکرێتەوە. من بۆ ئیهانە وا ناڵێم، چونکە ئەگەر فێرە کوردی نەبن خەڵکەکە فێرە عەرەبی و تورکی و فارسی دەکەن. ئەوان چوارده ساڵە بیر لە چەند یاسایەکی تایبەت ناکەنەوە بۆ پاراستنی زمانی کوردی. وڵات نییە یاسای زمانی تێدا نەبێ. تۆ بڕۆ ئێستا لە ڕووسیا یەک تابلۆ بنووسە بە غەیری زمانی ڕووسی، بزانە چۆن یەکسەر سزات دەدەن. ئێمە کەرامەتی نەتەوەییمان نییە. ئەو سەرکردانە دەیانەوێ ڕزگاریان بێت لە کوردی چونکە نایزانن. حەبیب کەریم دەیان ساڵ سکرتێری پارتی بوو هەر بە عەرەبی قسەی دەکرد. ئەگەر تۆزێک ڕێزی ئەو میللەتەی بگرتایە، چۆن لەناو ئەو پێشمەرگە ڕەش و ڕووتانە و لەو شاخ و داخانە فێری کوردی نەبوو؟! بە چەند مانگێک خەڵک لە ئوروپا بای ئەوەندە فێرە زمان دەبێ کاری ڕۆژانەی خۆی جێبەجێ بکا. نابێ کەسێک، بۆ خوێندن و دەرسگوتنەوە، پێ بنێتە ناو زانکۆکانی کوردستان ئەگەر کوردی نەزانێ یا خۆی فێر نەکا. نابێ دکتۆرێک لە نەخۆشخانە کار بکا و زمانی خەڵکی وڵاتەکە نەزانێ، یا وەرگێڕی نەبێ. ئەمە لە هەموو دنیا وایە و شتێکی سروشتییە. کەس ناتوانێ لە زانکۆیەکی فینلاندی زمانی کوردی بڵێتەوە ئەگەر فینلاندییەکەی پێرفێکت نەبێ. کەس نابێتە هەڤوڵات(هاونیشتمان) ئەگەر لە تاقیکردنەوەی زمان سەرنەکەوێ. لە کەنەدا پۆلیسی زمان هەیە. بە چ هەقێک لە شەقڵاوە تابلۆ بە عەرەبی دەنووسرێت؟ ئەگەر ئێمە ئەکادیمیایەکی زمانمان هەبوایە خەڵکێکی نەخوێندەوار نەیاندەتوانی گاڵتە بە زمانی کوردی بکەن، یا پشتگوێی بخەن. ڕۆژنامەیەک نابینیت مانشێتەکانی ڕاست بن، لاپەڕەیەکت لە کتێبی مندالانی قوتابخانە دەست ناکەوێ چەندان هەڵەی تێدا نەبێ.تابلۆی سەر دەرگەی وەزارەتەکان، بەڕێوەبەرایەتییەکان، قوتابخانەکان ببینە، بزانە چ بەزمێکە.

ئەم حاڵەتە سەربەخۆیی‌خوازییەی تۆ و ئەم خەمی نەتەوە خواردنە ، ئەو هەستەی لە لا دروست نەکردوویت بێیتەوە کوردستان بە یەکجاری؟

دوو شت پێویستە بۆ مرۆڤ، یەکەم پارچە نانێک بیخوات، دووهەم شوێنێک تێیدا بژیت و تۆزە ئازادییەکیش. لێرە دەبم هەتا ئەو ڕادەیەی کە فشارم بۆ دێنن، کە فشارم بۆ هات دەردەپەڕم. من بێ‌ئازادی ناتوانم بژیم، بێ‌نانیش. نان لە دەستی نامەرددا بێت، نایخۆم. دەیان ڕووناکبیری دڵسۆز و پاک هاتنەوە ، چییان بە چی کرد؟ زۆربەیان، یا گەڕانەوە، یا بوون بە بوغوویەک لە ئامێرێکی نەخوێندەواردا. ئەگەر لەسەرەوە ئیرادە و پرۆژەی گۆڕانکاری نەبێ تاکەکەس هەر ئەوەی پێ‌دەکرێ کە من و کەسانی وەک من بە نان و ئاوی خۆیان و بێ بەرامبەر دەیکەن.

تۆ لەو باوەڕەدا نی ئەو دوکتۆرایەی هەتە نانێک پەیدا بکا بۆت لە کوردستان؟

باوەڕ ناکەم، چونکە تەنانەت نانیش حیزب دەیدا.

لەم پرسیارانە کەمێک دوور کەوینەوە ، دەگەڕێینەوە بۆ نێو ژیانی تایبەتی پەشێو ، پرسیار لە سەر کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی هەولێر دەکەین لە سەر کەسێتی پەشێو ، ئایا ئەو دۆخە کۆمەڵایەتییەی هەولێر کارێکی نەکردووە پەشێو کەسێکی شەرمن بێت؟

ئەم قسەیە ڕاستە، بەڵام خۆشم نازانم شەرمەکەم لە حوزووری گەورەیی مرۆڤە یا هەر شەرمە و بڕایەوە! هەندێک جار شتێک دەکەم کە باوەڕم پێی نییە، یا پێم ناخۆشە و دەشیکەم! بۆ نموونە، ڕۆژنییە سەدان وێنە نەگرم لەگەڵ ئەو خوشک و برایانەدا کە دەیانەوێ وێنەم لەگەڵ بگرن. ڕقی ئەستوورم لە وێنە گرتنە و دڵم نایە بەو ئازیزانە بڵێم حەز لە وێنە گرتن ناکەم. دەترسم بە هەڵە تێم بگەن و دڵیان گەردی لێ بنیشێ.

ئەگەر لە باری خێزانیت پرسیار بکەین ، دەتوانن کەمێک لەبارەی خێزانەکەتانەوە بۆمان بدوێن؟

خێزانەکەم ڕووسە ، دوو منداڵم هەن: ئاڤێستا و یار. پەیوەندییەکی توندوتۆڵم لەگەڵیان هەیە.

ببووره ئەگەر ئەم پرسیارەمان زۆر شەخسی بێت ، شێعری "لە دەستم دێ" حاڵەتێکی دەروونی چۆن لای پەشێو دروست دەکات؟ ئەوەندەی ئێمە بیستوومانە ئەو شێعرەت بۆ یەکێک لە هاوڕێ‌لەکانی خۆت وتووە لە کۆلێژ؟

کام کۆلێژ و کام هاوڕێ‌ل؟!ئەوە یەکێکە لەو ئەفسانانەی کە ناتوانم لە مێشکی خەڵکیی بسڕمەوە. جگە لەمەش گرینگ ئەوەیە خۆشەویستیم لەگەڵ کەسێدا هەبووە، گرینگ نییە ئەو کەسە کێ بووە...

لە لای عەبدوڵڵا پەشێو دوو جۆرە ژن دەبینرێن. ژنێک کە خۆشەویستیی پێ دەبەخشێ ، ژنێکیش کە ئازاری دەدا ، ئەم حاڵەتە چۆن لێک دەدەیتەوە؟

لە شیعرە کۆنەکاندا، لەوانەی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان هەست بە جۆرە ئازارێک دەکرێ. بەڵام دواتر، قەت گلەییم لە ئافرەت نەکردووە. ئافرەت هەر شادی و خۆشەویستیی پێ‌بەخشیوم. ڕاستە، لە تاقی لاویمدا، پێش چوونە دەرەوە، تا سەر ئێسقان عاشق بووم. بەڵام ئەوسا ئافرەتم بە قووڵی نەدەناسی. لە دەرەوە نزیکترین هاوڕێم ئافرەت بوون. لە ئافرەتدا بەختم خراپ نەبووە، تەنانەت لە لاویەتیشدا، لەم هەولێرە، سەرەڕای کۆتوبەندی کۆمەڵایەتی، قەت بێ‌خۆشەویستی نەدەژیام. بەس کەسێکی حەساس بووم. بچووکترین گۆڕان، یان جیابوونەوە، لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، ئیتر ئەوە شتێکی گەورە بووە لای من. لەوانەیە ئەو حەساسییەتە مەسەلە چینایەتییەکەشی تێدا بووبێ، یان نەفسبەرزییەکی شاعیرانەی زێترلە پێویست.

تۆ لە شیعرێکدا وەسفی چاوی ڕەشی کچی کورد دەکەیت کە لە سەوزترین چاو و شینترین چاوی کچی ئوروپاییدا چاوی ڕەشی کچی کورد دەبینی ، کەچی لە ژیانی خۆتدا ئەمەت پەیڕەو نەکرد ، بۆچی سیحری کچە چاوڕەشەکانی کورد ڕاینەکێشای؟

حەسرەتی ئافرەتی کورد بابەتێکی تایبەتە. کە گوتوومە لە سەوزترین و شینترین چاوی کچانی ئوروپاییدا، تۆزێک ڕەشی چاوی کچی کورد دەبینم ڕاستگۆمە. ئافرەتی کورد شایانی ئەوەیە. لە ساڵانی خوێندنی مندا، کچی کورد، بە تایبەتیش لە ڕووسیا، زۆرکەم بوون.

خێزانەکەت خوێندنەوەی بۆ مێردێکی شاعیر چۆن بوو؟

تا هاتنەوەمان لە ساڵی ١٩٩٤ بۆ کوردستان خێزانەکەم هێندە ئاگاداری لایەنی شاعیریەتیم نەبوو. هاوسەر و هاوڕێ بووین و هیچی تر. کە لە ڕۆژانی براکوژیدا کۆڕێکم ساز کرد بۆ ڕسواکردنی براکوژان، ماڵ ومنداڵی خۆشم بردن بۆ کۆڕەکە. بینینی قەرەباڵغی و ئاپۆرای کوردستانییان و پەیوەندیی خەڵکی لەگەڵما تێیگەیاند کە ڕەنگە مێردەکەی شاعیرێکی هێندە خراپ نەبێ! ئیدی کە گەڕاینەوە ڕووسیا، پەیوەندیی لەگەڵم گۆڕا. زانیی تەنیا مۆڵکی ئەو نیم. ئازادییەکی زۆرم وەدەست هێنا! بەڵام، ئێستاش جورئەتم نییە هەموو شتێکی بۆ بخوێنمەوە. هەر ئەو شیعرانەی بۆ دەخوێنمەوە کە باسی ژن ناکەن (بە پێکەنینەوە). ژیانی خێزانداریم ئارامە، ئەگەرچی دەزانم من شیعر دەنووسم و ئەوان باجەکەی دەدەن. ئەگەر "ئۆلگا" نەبوایە، پێم وایە ژیانم دژوارتر دەبوو.

لە شیعرەکانی پەشێودا گەڕانەوە بۆ منداڵی زۆر دەبینرێت ، منداڵی چ یادگارییەکی لای پەشێو بەجێ هێشتووە؟ وا بەو شێوەیە پێی کاریگەری؟

منداڵیم دژوار بوو. بەڵام هەندێک شت هەن کە ساڵانێکی زۆر بە سەریاندا ڕادەبوورن جوان دەبن. هەمیشە ڕابردوو جوانترە لە ئێستا. ڕووسەکان دەڵێن:"ئەو شوێنە خۆشە کە ئێمەی لێ نین، ئەو ڕۆژگارە خۆشە کە ئێمەی تیا نین." هەمیشە وایە.

لە پەشێودا دوو جۆرە کەسێتی جیاواز دەبینرێن: هەندێک کات پەشێو شاعیرێکی تووڕەیە کە دەمارەکانی گرژ دەبن ، هەندێ کاتیش دەبێتە کەسێکی عاشق و نەرمونیان. تووڕەیی و عەشق لە یەک کاتدا چۆن لە کەسێتی عەبدوڵڵا پەشێودا جێگایان دەبێتەوە؟

ڕەنگە شێوازی قسە کردنم وای کردبێت خەڵک وا بزانێ تووڕەم! لە حەقیقەتدا مێروولەیەک ئازار نادەم. بەڵام کە زوڵم و ستەم دەبینم خۆمم پێ‌ڕاناگیرێت. کە لێرەوە تا شەقڵاوە دەچم دەبینم ڕاست و چەپ دابەش کراوە، ئەوە مەزرەعەی فلان کەسە، ئەوە هی قوزەڵقورتە، ئەوە هی سندانە، کە ئەو شتانە دەبینم ناتوانم لێیان بێ‌دەنگ بم. لەم ڕۆژانە، بەم سەرمایە، سەردانی کەمپی برایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم کرد و دیتم لە ناو ئەم قوڕ و سەرمایە ،منداڵان بە کراسی دڕاو و بە پێی پەتی دەگەڕان، گریام. ئەمە لە کاتێکدا، ملیۆنان دۆڵار لە بەرتیلدانەدا سەرف دەکرێت، لە فیستیڤاڵ و قوونبادان سەرف دەکرێ، دەدزرێ، دەبڕدرێ، دەرخواردی ڕۆشنبیرانی بەدناو دەدرێت. چۆن تووڕە نابم؟!

ئەگەر لە شەخسیترین شت بپرسین کە ڕەنگە لە بنەڕەتەوە پرسیاری وا هەڵە بێت ، بەڵام حەز دەکەین ئەو پرسیارە بکەین کە پەیوەندیی پەشێو لەگەڵ ئایین چۆنە؟

من کەسێکی مولتەزیم نیم بە دینەوە، بەڵام حەرام و حەڵاڵ لێک جیا دەکەمەوە، هەڵ دەدەم بەهایە گیانییەکان بپارێزم. پێش هەموو کۆڕێک نوێژێک دەکەم، ئەویش بە کوردی. بڕوام بە خالیق هەیە، کە لە ئاستێتی ئەو هەموو گەردوونانەدایە و موتڵەقە. دەزانم هیچ شتێک لەم گەردوونەدا بە ڕێکەوت نییە. بەهایەکی زۆر گەورە هەیە کە لە عەقڵی ئێمە گەورەترە. کە گوڵێک دەبینم لە پاش بەفر دەردەچێت بە دیاریەوە دادەنیشم، بیر لەو خالیقە دەکەمەوە کە هەموو شتێکی موعجیزەیە.

وێنەکان ئی ئالبۆمی شەخسی مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێوە کە بە تایبەتی بۆ حەفتەنامەی پەیامی کوردستانی ناردووە.

مالیکی: لە ماوەی ڕووخانی بەعس ١٦٠ ڕۆژنامەوان کوژراون

PNA: نووری مالیکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی لە میانەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ژمارەیەک سەرنووسەری ڕۆژنامەکان و ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرانی کەناڵە ئاسمانییەکاندا گوتی:"ژمارەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی عێراقەوە شەهید بوون تا ئێستا دەگاتە نزیکەی ١٦٠ شەهید." مالیکی هەروەها گوتی:"ئەوانە لە پێناوی وشەی ڕاستیدا شەهید بوون، هەمووشتان دەزانن ئەوانەی لە ڕاگەیاندن کار دەکەن، ڕووبەڕووی ئەو دڕندەیە دەبنەوە کە تێرۆریستی ناوە، تێرۆریستان هیچ ڕێزێک لە لایەنی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی هیچ کەسێک نانێن."

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق هەروەها گوتی:"ئێمە پێمان وایە ئەو کانالانەی چالاکی تێرۆریستی نمایش دەکات، وەک پیشاندانی زەرقاوی لە کاتی هەڕەشە کردن و چالاکی نواندن یا نمایش کردنی کاسێتەکانی بێن لادن یا پیشاندانی ڕفێنراوەکان یا کوشتن و سەر بڕین، ئێمە ئەمانە هەمووی بە هاندانی تیرۆر دەزانین."

ڕێز لێنان لە داهێنان



ڕۆژی شەممۆ ٢٠ی جۆزەردانی ٨٥ی هەتاوی لە لایەن کانوونی فەرهەنگی کازیوە و کۆمەڵەی کوردانی نیشتەجێی ناوەند، ڕێ‌وڕەسمێک بۆ ڕێز گرتن لە کەسایەتی ئەدەبی شاعیری هاوچەرخی کورد "جەلال مەلەکشا" لە تالاری ئیبنی‌سینای زانکۆی پزیشکی تاران بەڕێوە چوو. ئەم ڕێ‌وڕەسمە کە پێنج ساعەتی خایاند سەرەتا لە لایەن لەتیف ئوستوار و دوکتۆر ئەسعەد ئەردەڵان بە نوێنەرایەتی لە لایەن کانوونی کازیوە و کوردانی نیشتەجێی ناوەند بە خێرهاتنی ئامادەبووان کرا. دواتر پەیامی شاعیری ناوداری کورد شێرکۆ بێکەس بە بۆنەی ئەم کۆڕە خوێندرایەوە. دەقی پەیامەکە بەم شێوەیە:

ڕێز لێنان لە شاعێرێکی نوێخواز، ڕێز لێنانە لە داهێنان

ئەگەرچی لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەمان‌دا فەزای ئازادی بۆ زمانی کوردی تەنگەبەر و مەودای هەڵفڕینی کەموکورت بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێعر لە خوێندنی خۆی نەکەوتووە. لە هەر قۆناغێکدا چەند تاریکیش بووبێ مۆمێکی جوانی شێعری هەرتیا بووە. لە ڕێڕەوی نوێ بوونەوەی شێعری کوردیدا و لەم ڕۆژهەڵاتی زمانەدا، لە دوای سوارەی ئیلخانی‌زادە، جەلالی مەلەکشا یەکێکە لەو شاعیرە پڕبەهرانەی کە ئەبێتە نیشانەی تازەگەری و ئەفراندن و گۆڕ و تینێکی هاوچەرخانە ئەداتەوە بە زمانەکەمان. کاک جەلال زمانێکی بەبڕشت و خەیاڵێکی فراوان و ڕوانینێکی وردی هەیە. شێعرەکانی لە دڵەوە بۆ دڵن. من پێم وایە ئەگەر ئەم شاعیرە ژیانێکی ئاسوودە و دامەزراوی کۆمەڵایەتی باشتری هەبوایە بەرهەمەکانی گەورەتر ئەبوون.

کارێکی گەلێ جوان و چاکتان کرد کە کاکە" جەلالی مەلەکشا"تان بۆ ئەم ڕێز لێنانە هەڵبژارد. منیش لێرەوە دەسخۆشیتان لێدەکەم، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و خوازیاری تەمەنێکی درێژیشم بۆ ئەم شاعیرە خۆشەویستەمان. هەر بژین."

دواتر سەلاح سۆران لە سەر شێعرەکانی جەلال وتەیەکی پێشکەش کرد و شێعرێکی خوێندەوە.

سەعید ساعدی لە وتارێکدا بە شرۆڤە کردنی بارودۆخی ئێران و کوردستان، جەلال مەلەکشای وەک شاعیرێکی ماندوویی‌نەناس کە لە خزمەت نەتەوەی کورددا بووە، ناساند. دوایین وتار هی کەیوان فەرهەندی بوو. پاشان جەلال مەلەکشا ئاماژەیەکی کورتی کرد بە بیۆگرافی خۆی و بە خوێندنەوەی چەند شێعرێکی کوردی و فارسی هەستێکی تایبەتی بە ئامادەبووان بەخشی. سەعدوڵڵا نەسیری گۆرانی‌بێژی کوردیش چەند تەسنیفێکی لە شێعرەکانی مەلەکشا پێشکەش کرد. لە کۆتایی ڕێ‌وڕەسمەکەدا بەڕێوەبەرانی ئەم کۆڕە سپاس و ڕێزی تایبەتی خۆیان ئاراستەی جەلال مەلەکشا کرد.